# من بەڕائەتی خۆم دەکەم لای خوای باڵادەست کە کەسێک بکەم بە خەلیلی خۆم

له جوندوبی کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر-صلى الله عليه وسلم- بوو پێنج (شەو) پێش ئەوەی بمرێت فەرمووی: « من بەڕائەتی خۆم دەکەم لای خوای باڵادەست کە کەسێک بکەم بە خەلیلی خۆم^، خوای گەورە منی کردووە بە خەلیلی خۆی هەروەکو چۆن ئیبراهیمی کرد بە خەلیلی خۆی، ئەگەر کەسێکم بکردایە بە خەلیلی خۆم لە ئوممەتەکەمدا ئەوا ئەبو بەکرم دەکرد بە خەلیلی خۆم، ئەوانەی پێش ئێوە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکرد بە مزگەوت، ئێوە گۆڕستانەکان نەکەن بە مزگەوت، من نەهیتان لێ دەکەم (لە ئەو کارە». ^(خەلیل: واتە ئەوپەڕی پلەی خۆشەویستی

[(سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێش مردنی باسی پلەی خۆی دەکات لای خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، کە گەیشتووەتە بەرزترین پلەکانی خۆشەویستی، هەروەکو چۆن پێغەمبەر ئیبراهیم -عليه السلام- گەیشت بە ئەو پلەیە، وڕەتی کردەوە لەوەی کە هیچ خەلیلێکی هەبێت جگە لە خوای گەورە، چونکە دڵی پڕ بووە لە خۆشەویستی خوای گەورە وبە گەورەدانانی وناسینی، بۆیە دڵی شوێنی کەسێکی تری تیا نابێتەوە جگە لە الله، ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کەسێکی بکردایە بە خەلیلی خۆی لە خەڵکیدا ئەوا ئەبوبەکری سدیقی دەکرد بە خەلیلی خۆی -ڕەزای خوای لێبێت-، پاشان هۆشداری داوە سەبارەت بە تێپەڕاندنی سنووری ڕێگەپێدراو لە خۆشویستن چونکە جولەکە ونەسڕانیەکان تووشی ئەم زیادەڕەویە بوون سەبارەت بە گۆڕی پێغەمبەران وپیاوچاکانیان هەتا وایان لێهات بیانکەنە پەرستراو وهاوبەش بۆ خوای گەورە، و لەسەر گۆڕەکانیان دیوار ومزگەوت وشوێنی پەرستنیان دروستدەکرد، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە ئوممەتەکەی کە ئەو کارە بکەن.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3347